راگەیاندنی سکرتاریەتی کۆمەڵە دەربارەی

# دەسگیری بەهاییەکان لە ئێران

لە رۆژانی رابردوودا هەواڵی دەسگیری ٦کەس لە رێبەرانی کۆمیتەی حەوت کەسی رێبەریی کۆمەڵگای بەهاییەکانی ئێران، بۆتە یەکێک لە بابەتەکانی سەر راگەیاندنەکان. غولامحوسێنی ئیلهام، وتەبێژی دەوڵەت، هۆکاری دەسگیر کردنی بەهاییەکانی گەڕاندووەتەوە بۆ هەوڵدان بە دژی ئەمنییەتی میللیو دژایەتی کردنی نیزام. دەزگای قەزایی هەتا ئێستاش لەم بابەتەوە بە رەسمی هیچ راگەیاندنێکی ئاشکرایان بلاَونەکردووەتەوە. وتەبێژی دەوڵەت لە لایەکی دیکەوە رایگەیاندووە کە بەهاییەکان هاوکاریی ئیسرائیلییان کردووەو بە کردەوە جاسووسی ئەوان بوون.

بەهاییەکان وەک یەکێک لە کەمینە ئایینیەکان، ئێستا بە تاوانی جاسووسی بۆ ئیسرائیل و چالاکی دژی ئەمنییەتی میللی لە ژێر ئەشکەنجەو گوشار لە نێو زینداندان. هەموان دەزانن ئەمە پیلانێکی ئاشکرایە کە هەرجارەو بیرجیاوازانو باوەرجیاوازانی نێو کۆمەڵگای ئێران بە سێناریۆ و پیلانێک پەروەندە سازیان بۆدەکرێت و زەمینەی سەرکوتی یەکجارەکی یان لانیکەم دەرپەڕاندن و پرژوبلاو کردنیان لە کۆمەڵگا پێک دەهێنرێت. سەرزەمینی پان و بەرینی ئێران لەلایەن دەسەلاَتدارانی ئێران و ئاخوندە کۆنەپەرستەکانەوە کراوەتە زیندانێکی گەورە بۆ باوەڕە جیاوازەکانو بیرۆکە فرەچەشنەکان. ئازادی لەم ولاَتەدا رۆژانە هەزاران جار لەدار دەدرێتو ئەسپەردەی خاک دەکرێت. داسەپاندنی ئارامشی گۆڕستانی بەسەر کۆمەڵگای ئێران لەرێگەی دەستێوەردانی تایبەتیترین بواری ژیانی تاکەکانی کۆمەڵگاو هەڵسوکەوتی کۆنەپەرستانە لەم بابەتەوە، بەشێک لە ستراتێژی چەندین ساڵەی کۆماری ئیسلامییە.

بێگومان، باوەری جیاواز، ئازادی ئایینەکانو هەروەها ئازادیی بێ ئایینیش، سەرەکیترین مافی تاکەکانی کۆمەڵگاو سەرەکترین بنەمای دیمۆکراسی راستەقینەیە لە هەموو کۆمەڵگایەک. ئەوەی کۆماری ئیسلامی وەک نوێنەری فاشیزمی ئیسلامی لە ناوچەکەو لە نێو کۆمەڵگای ئێران بە دژی باوەرە جیاوازەکان و لەوانە بەهاییەکان دەیکات، پتر لەوەی لایەنی

باوەری هەبێت بۆی، زیاتر لایەنی کەڵک ئاوەژوو وەرگرتنی سیاسیو پیلانگێڕانەیە لە هاوکێشەکانی ناوچەکە لەگەڵ دەوڵەتانی وەک ئیسرائیل بۆ ئاژاوە نانەوەی هەرچی زیاتر.

کۆمەڵە وێڕای مەحکووم کردنی دەسگیریی رێبەرانی کۆمەڵگای بەهاییەکانی ئێران، خوازیاری گوشارێکی هەرچی زیاتری جیهانی بۆ ئیعتراز بەم درێژەدانەی کۆماری ئیسلامی بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن رێکخراوەکانی دیفاع لە مافی مرۆڤ لە جیهانە.

**سکرتاریەتی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران**

**۲۰۰۸-۵-۲۱بەرانبەر بە ۱ی جۆزەردانی ۸۷**

Web: www.komala.org
E-mail: secretariat@komala.org